**خەسرەوسایە: هاوری ریبوار دەنگدانەکەی رۆژی 15ی ئەم مانگە لەکاربەدەستانی واشنتۆنەوە تا تالەبانی وجەعفەری و سەرانی ورد و درشت لەناوخۆی عیراقدا بەرۆژیکی میژوویی و هەنگاویک بەرەو دیموکراتی کردنی عیراق باس لیوەکرا.. ئیوە بەگشتی چ هەلسەنگاندنیکتان لەسەر ئەم رۆژە وئەم هەنگاوە هەیە وچ وەلامیک بەم ئیدعایانە دەدەنەوە؟**

**ریبوار ئەحمەد/** نە تەنها هەر بۆ من بەلکو بۆ هەموو خەلكو چاودیریکی سیاسی بە ئینصافو تەنانەت بۆ بۆشو داروەستەکانیشی لە عیراق، زۆر ئاشکرا بوو، کە 15ی ئۆکتۆبەر رۆژی بە گالتەجارکردنی پرۆژەی فریوکارانەی ریفراندۆم بوو، هەلبەت بەم مانایەش دەکری پێی بلیین رۆژیکی میژوویی کە تیایدا خەلکی عیراق (نا)یەکی گەورەیاندا بەرووی سیاسەتو سیناریۆی ئەمریکاو بەدیلی ئیسلامی-قەومیدا. ئەوان هەموو پروپاگەندەیەکی فریوکارانەیان بەریخست، پەنایان بۆ هەموو تەحریکاتیکی قەومیو ئیسلامیو دواکەوتوانە برد، تەنانەت بە هەرەشەی ئاگری جەهەنم خەلکیان ترساند بۆ بەشداری کردنو بەلی ووتن بە دەستورەکەیان، مەلای ئاخوندو مەلای بۆینباغ لە ملیشیان خستەکار بۆ هاندانی خەلك، پروپاگەندەی ئیسلامیو عەشایەریو تەنانەت فروفیشالی علمانیشیان کرد، هەرەشەی خیانەتیان بەسەر خەلکەوە راگرت، بەلام بە هەموو ئەم شیوازە ریسوایانە، بەپێی ئیعترافاتی چاودیرەکانی خۆیان، نەیانتوانیوە سێ یەکی خەلك پەلکیش بکەن بۆ گالتەجاری ریفراندۆمو لەو سیەکەش بەشیکی زۆر بەرچاو دەنگی نەخیریانداوە، بەلام هەروەکو ئەوەی ئیمە رامانگەیاندبوو ئەوان لە هەموو حالیکدا دەنگی (بەلی) لە صندوقەکانیان دەردەهینن. بە بروای من 15 ئۆکتۆبەر شکستیکی گەورە بوو بۆ ئەوانو سەرکەوتنیك بوو بۆ خەلكو بەرەی ئازادیو سکولاریزم کە کاریگەری خۆی لەسەر رەوەندی کیشمەکیشی داهاتوی ئەم دوو جەبهەیە لەسەر داهاتوی عیراقو کوردستان دادەنیت.

**خەسرەوسایە: بەلام هەروەک راگەیاندنی لیژنەی بالای سەرپەرشتی کردنی دەنگدان بۆدەستور ئاشکرای کردووە کەریژەی لە٪61ی خەلکی عیراق بەشداری لەم دەنگدانەدا کردووە ئایا ئەمە کافی نییە بۆ سەرکەوتنی دەنگدانەکەو بەحساب هینانی ئەوەی کەزۆرینەی خەلک رایان لەگەل پرۆسەیەکی سیاسیدا هەیە کە ئەمریکاو دەست و پیوەندەکانی لەعیراقدا بەریوەی دەبەن؟ ئایا بەم حالەوە حوکمی سەرکەوتن وەیاشکست بەسەر ئەم دەنگدانەدا کامیان واقعیەتن؟**

**ریبوار ئەحمەد/** لیژنەی بالای سەرپەرشتی کردنی ئەم گالتەجاریە، موچەخۆرو گویرایەلی ئەمریکاو دەستو پیوەندەکانیتی، راپۆرتی لیژنەکانی چاودیر هەر پیشوەخت لەلایەن ئەو لایەنانەوە ئامادەکراون کە ئەم گالتەجاریەیان بە مەبەستی بەدەستهینانی رۆپۆشی شەرعی بۆ دەستورو دەسەلاتی خۆیان بەرپاکردبوو. من هیچ جیاوازیەك لە نیوان ئەنجامی ریفراندۆمەکانی صدامو لە سەدا نەوەدو نۆکانی صدامو لەسەدا نەوەدو نۆکانی تالەبانیو سیستانیو حەکیمو جەعفەری نابینم. بەراستی نیشانیاندا کە لە هەموو شتیکدا پی لەو ئاوە دەخشینن کە صدامو بەعس رشتویانە. بەلام جگە لەوەی کە ناکۆکیە ئاشکراکانی راپۆرتی جیاجیای سەرپەرشتیارانی ئەم سیناریۆیە، لە زۆر جیگا پەردەی لەسەر ئەم درۆو ساختەو چەواشەکاریانە هەلداوەتەوە، هەر لە نیو سەرپەرشتیاراندا کەسانیك دانیان بەوەداناوە کە کەمایەتیەکی کەم بەشداری کردوە، بەلام خۆیان بەپێی رینمایی دەسەلات هەموو کارتی ئەوکەسانەیان بە (بەلی) پرکردوەتەوە کە بەشداریان نەکردوە، هەموو کارتە (نەخیر)ەکانیشیان سوتاندوە. جا کەوایە لەشیان هەلوەری کە نەیانتوانیوە ریژەی بەشداریو (بەلی) ووتن نەگەیەنن بە لە سەدا سەد.

بەلام باوەرکەن، ناکامیو شکستەکەیان بەم فریوکاریە ناپۆشریت، خەلك واقعیەتەکان دەزانن، شلەژانی سەرانی ناسیونالیزمی کوردو لایەنە شیعەکان، هیرشی مەلا بەختیار بۆ سەر لاوانی کوردستان بە هۆی بەشداری نەکردنیان، تانەو تەشەردان لە حیزبی ئیمە، هیرشی مزگەوتەکانی بصرە بۆ سەر کۆمۆنیزمو چەپو حیزبی ئیمە، ناکۆکی ئاشکرای راگەیاندنو لیدوانەکانی خۆیانو سەرپەرشتیاران، زۆر بە ئاشکرا حالی شپرزو ناکامیەکانیان نیشاندەدات. جگە لە هەموو ئەوانە ئیمەش لە نزیکەوە بە شیوەیەکی فراوان لە بصرە تا شارەکانی کوردستان چاودیری بەشداری خەلکمان کردوە، راستیەکەی ئەوەیە کە لە ژیر ئەو هەموو فشارەشدا تەنها نزیك بە سیەکی خەلك بەشداری کردوە.

بۆیە بەبروای من نەك هەر دانی حوکمی شکست بەسەریدا واقعیە، بەلکو ئەم ناکامیە زۆر حەقیقەتی تریشی دوپات کردەوە، یەکەم/ ئەوان هەموو تەحریکاتو پروپاگەندەو کارتی قەومیەتو دینو عەشیرەتیان بەکارهینا، بەلام خەلك نیشانیاندا کە بە پیچەوانەی تصویریك کە ئەمریکاو دەستو پیوەندەکانی دەیدەنو بە پیچەوانەی ئەو هەویە ساختە قەومیو ئیسلامی عەشیرەتیانەوە کە ئەوان بۆ خەلکی دادەتاشن، ئەم خەلکە دەنگی بە دەستورو پرۆژەی قەومیو ئیسلامیو عەشایەری نەداو بەرامبەری راوەستا. دووەم/ دیسان ئەو راستیە خۆی نیشاندایەوە کەهەموو دەنگدانو هەلبژاردنیك لە سایەی ئەمریکاو دەست و پیوەندەکانیدا جگە سیناریۆو گالتەجاری هیچی تر نیە. ئەوان هەمیشە هەر یەك ئەنجام (ئەوەی مبەستو مەرامی خۆیانە) لەم سیناریۆیانە دەردەکیشن، ئەویش هەر لەپیشەوە بریاری لیدراوە. بۆ ئەوان ئەنجامەکەی هەر یەك شتە، بەلام سیناریۆیەکە رۆپۆشیکە بۆ داتاشینی شەرعیەت بۆ ئەو شتەی کە خۆیان لە هەموو کەس باشتر دەزانن هیچ شەرعیەتیکی نیە. ناسیونالیستە کوردەکان 15 سالە لە کوردستان ئەم یاریە بەریوەدەبەن. سییەم/ سیاسەتی وەستانەوە دژی ئەم سیناریۆیەو بەشداری نەکردنو لە مال نەچونەدەرو ناکام کردنەوەی، سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بوو. ئیمە تەنها لایەنیکی سەرەکی بووین کە ووتمان دژی راوەستنو بەشداری مەکەنو ناکامی بکەنەوە. واقعیەتیش ئەوەبوو کە هەلویستی عەمەلی بەشی زۆری خەلكو سیاسەتی ئیمە بە تەواوی لەگەل یەك جووت بوون، بەشی زۆری خەلك پیرەوی لەو سیاسەتو هەلویستەی ئیمە کرد. ئینکاری لەوە ناکرێ کە نەچون بۆ

دەنگدان‌و وەستانەوە دژی ئەم گالتەجاریە زۆر بەرجەستە تر بوو تەنانەت لە سیاسەتی بەشداری‌و ووتنی (نەخێر)، کە ئەمەی دووەمیان سیاسەتی ئیسلامیە سونیەکان بوو. هەروەها ئەوەش زۆر ئاشکرایە کە نەچون‌و وەستانەوە دژی کاراتربوو لە چون‌و ووتنی (نەخێر)، چونکە ئەمەی دووەمیان بە ئاسانی تەزویر کراو خودی بەشداریەکان چونە گیرفانی ئەوانەوە کە تەنها پێویستیان بە بەرپاکردنی سیناریۆکە هەبوو. بەم مانایە ئەم مەسەلەیە جیگاوریگای حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری وەکو رابەری بەرەی ئازادی‌و سکولاریزم، وەکو نوینەری بەرژەوەندی‌و خواستی خەلك بەهیزتر کردوە. ناکامی ئەوان بوار دەکاتەوە بۆ نۆرەی خەلك‌و بەرەی ئازادی‌و سکولاریزم بەرابەری حیزبی ئیمە، ئەم ناکامیە ژێرپێی ئەوانی شلتر کردوە، دەسەلاتی نا مەشروعیانی ریسواترو لەرزۆکتر کردوە، تیهەلدان لە دەستورو دەسەلاتی دەسکەلای داگیرکەری لە بارتر کردوە، مەیدانی بەروی هاتنەمەیدان‌و پەرەگرتنی نارەزایەتی خەلك ئاوەلاتر کردوە، تەنانەت ووشکەکەلەکی ئینسجامی ناوخۆی خۆیانی لاوازتر کردوە.

خەسرەوسایە: لەلایەکی‌ترەوە خودی ئەنجامی دەنگدانەکە لەنیوان حکومەتی کاتی ئیستا و دەستەو تاقمی سوونە و قەومییەکان بۆتە کیشەیەک، بەتایبەتی کەئەم لایەنانە ئەوەیان ئاشکراکردووە لە4 شاری عیراق، لەپیشیانەوە شاری موصل سیبەش لەخەلکەکەی دەنگیان نەداوە وەیا بەنا بەدەستوور بەشداری یانکردووە، وەبەم هۆیەشەوە قسەلەوەدەکری کەراگەیاندنی ئەنجامەکان دواخراوە، ئێوە کیشمەکیشی ئەم دوولایەنە چون دەخویننەوە؟

ریبوار ئەحمەد/ هەروەکو ووتم ئەم ناکامیە زیاتر ئینسجامی بەزۆر دروستکراوی ئەوان تیکدەدات، ناکۆکیەکانیان قولتر دەکاتەوە، من پیشتر خودی ئەم سیناریۆیەو دەستورەکەیانم ناونا دەستوری سیناریۆی رەش، شەرو بینەوبەرەی نیو خۆی ئەم لایەنانە یەکیك لە دیاردەکانی ئەم لیکدانەوەیەیە. بەبروای من ئیسلام‌و ناسیونالیزمی ئۆپۆوسیونی ئەم دەستورەش لەم مەسەلەیەدا دۆراندی، ئەوان سیاسەتی (نا وتن) بە دەستوریان بەرزکردەوە، بەم پێیەش چوون بەشداریان کرد بەبێ ئەوەی بتوانن لەم ریگایەوە (نا) بۆ دەستور سەربخەن، بۆیە پیشتر ووتم بەشداریەکەیان چوەگیرفانی ئەوانەوە کە پیویستیان بەم یاریە هەبوو، خۆشیان دۆراندیان. ئەمە ریزی ئەوانیش شپرزەتر دەکات.
بەلام مەسەلەیەکی گرنگ لیرەدا ئەوەیە کە ئەم کیشمەکیشەی نیوان ئەم دوو جەمسەرە بە هیچ جۆریك پەیوەندی بە خواست‌و ویست‌و ئارەزوە پیشکەوتوانەو مودیرنەکانی خەلکەوە نیە، ئەوان دەیانەوێ ناوەرۆکی فاشیانەی قەومی‌و ئیسلامی دەستور بەرجەستەتر بکریتەوە، لیرەوە هەلویستی مخالەفەت بە دەستوریان گرتووە. خەلك دەبی لە شپرزەیی ئەم دوو جەمسەرە، لە کیشمەکیشی نیوانیان کەلك وەرگریت بۆ لەکارخستنی دەوری هەردولایان.

خەسرەو سایە: دوای دەنگ دان بەدەستور داهاتووی عیراق چون دەبینین! ئایا ئەم هەنگاوە دەتوانی بارودۆخی ئارامی بۆعیراق بگیریتەوە! ئایا ئەم هەنگاوە دەتوانی دەسەلات و حکومەتیک کەئەمریکا و لایەنگرانی لەبەرچاویانە سەقامگیربکات؟

ریبوار ئەحمەد/ هەر لە پیشەوە هیچ گومانیکم لەوەدا نەبوو کە ئەگەر لەسەدا 5ی خەلکیش بەشداری بکردایە، ئەوان زەماوەندی سەرکەوتن‌و (بەلێ) ووتنی خەلك بۆ دەستوریان دەگیرا. بۆیە ئەوان تا ئەوکاتەی بەهیزو هاتنەمەیدانی خەلك شکستی یەکجاری دەخۆن‌و دەوریان لەکاردەخریت، هەولدەدەن بە زۆرە ملی پرۆژەکانی خۆیان بەرنەپیشەوە، کە ئەجارە بۆ ئەمەش گرفتی گەورەیان هەیە. بەلام ئەوەی داهاتوی عیراق چۆن دەبیت، لە پیشەوە سەرخەتی تصوری خۆمم باسکرد، بەبروای من ئەم ناکامیە بەسەریاندا دەشکیتەوە، ژێرپێی دەسەلاتی ئەم تاقمانەو داگیرکاری ئەمریکا شلتر دەکات‌و دەست‌و دەمی خەلك لە بەرامبەریان زیاتر دەکریتەوە، بە مانایەکی دیکە نۆرە بۆ بەرەی ئازادی‌و سکولاریزم دەکاتەوە. کەوایە من زیاتر لیکدانەوەم ئەوەیە دەسەلاتی داسەپینراوی ئەمریکا لەرزۆکتر دەبی نەك سەقامگیر، وەزعی نا ئارامی عیراقیش هەر بەردەوام دەبیت‌و ترسی قولتربونەوەی لێ دەکریت. چونکە جگە لە هەموو شتیك خودی دەستورەکەیان دەستوری قولکردنەوەی شەروکیشەو کارەساتەکانی ئیستایە، بەلام بەدەر لەمە تا ئەمریکا نەکریتەدەروەو داگیرکاری تەواو نەبیت‌و بەم مانایەش عیراق لە مەیدانی شەری تیرۆریستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی دەرنەهینریت، هیچ بواریك بۆ کۆتایهینان بە نائارامی ناکریتەوە. ئەمە کاری ئیمە، کاری بەری ئازادی‌و سکولاریزمە.
لە پەیوەندی بە پرسیارەکەتانەوە سەبارەت بە ئایندەی عیراق، من پیم وایە لە ئیستادا جگە لە ناکامی سیناریۆی ریفراندۆم چەند فاکتەری دیکە بە قازانجی بەری ئازادی‌و سکولاریزم کاریگەری دادەنین. لەوانە: یەکەم/ فتوای زەرقاوی تاوانبار بۆ جەنگی سەلیبی دژی (شیعە)و بەم بۆنەیەشەوە تیکچونی ئینسجامی ناوخۆی ئەم جەمسەرە تیرۆرستیەو تەباییەکەی لەگەل ناسیونالیزمی عەرەب. بوار دەکاتەوە بۆ چونە دواوەی ئەم بەدیلە تیرۆریست‌و کۆنەپەرستەو دامالینی قیناعی نوینەرایەتی کردنی خواستی خەلك دژی داگیرکاری لە روویان. دووەم/ پەرەسەندنی نارەزایەتی فراوانی خەلك لە کوردستان‌و لە سەراسەری عیراق دژی تالان‌و برۆو گەندەلی سەرتاپاگیری دەسەلات‌و هەژاری لەرادەبەدەری خەلك، بەریکەوتنی جموجۆش لە نیو تویژە جۆراوجۆرەکان بۆ بەرزکردنەوەو هاتنەمەیدان لە پیناو خواست‌و ئارەزوەکانی خۆیان بە تایبەتی لە کوردستان، تا رادەیەکی زۆر رەوینەوە یان کەمبونەوەی خۆشباوەری خەلك بەرامبەر ناسیونالیزمی کوردو ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی، بەرجەستەبونەوەو نفوز پەیداکردنی خواستی ریفراندۆم بۆ جیابونەوەی کوردستان کە لەلایەن حیزبی ئیمەوە خراوەتەروو.....ئەمانە نیشانەو بەلگەی جولانی خەلکەو لەم ئاستەدا کاریگەری هەیە لەسەر گۆرانی هاوسەنگی‌و هاوکیشەی سیاسی ئیستا کە ووشکە کەلەکی

داروده‌سته‌كانی ئه‌مریكای له‌سه‌ر راگیراوه‌. بۆ نمونه‌ ته‌نها به‌ریكه‌وتنی بزووتنه‌وه‌یه‌كی جه‌ماوه‌ری فراوان له‌ ده‌وری خواستی ریفراندۆم بۆ سه‌ربه‌خۆیی كوردستان له‌ سه‌ر زه‌مینه‌ی واقعی‌و پیویستبوونی ئه‌م خواسته‌و بیزاری خه‌لك له‌ ده‌سه‌لاتی ئه‌حزابی ناسیونالیست‌و په‌ره‌سه‌ندنی ناره‌زایه‌تی، هه‌روه‌ها كه‌ ئیستا ناكامی ریفراندۆم‌و ده‌ستوره‌كه‌شیانی هاتوته‌ سه‌ر، به‌سه‌ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موو وشكه‌كه‌له‌كی ناسیونالیزمی كوردو ئیسلامی شیعه‌و ئه‌مریكاو ناسیونالیسته‌ عه‌ره‌به‌كان بشیوینیٰ‌و وه‌كو قورسی ته‌له‌فون بینه‌وبرده‌كه‌یان به‌ریته‌وه‌ بۆ نوك.

خه‌سره‌و سایه‌ : هاوری ریبوار "ده‌نگدان به‌ده‌ستور" و ده‌سته‌بردن بۆ مه‌سه‌له‌ی دادگایكردنی صدام هاوكات بوون، ته‌نانه‌ت هیشتا ئه‌نجامه‌ سه‌ره‌تاییه‌كانی ده‌نگدان رانه‌گه‌یاندرابوو كه‌چی مسه‌له‌ی دادگایی كردنی صدام خرایه‌ سه‌رتۆپی هه‌واله‌ سیاسییه‌كانی عیراقه‌وه‌، له‌مباره‌وه‌ په‌یوه‌ندی ئه‌م دوانه‌ چۆن ده‌بینن؟ ئایا دادگاییكردنی صدام ده‌كری وه‌ك هه‌نگاویك بۆ هه‌ستانه‌وه‌ی بالانسی سیاسی له‌به‌رامبه‌ر به‌شداری كه‌می خه‌لك له‌ ده‌نگدان به‌ده‌ستور سه‌یری بكری؟ به‌گشتی ئیوه‌ له‌ سیناریۆیه‌ی دادگایی صدام له‌م كات وساته‌دا چی ده‌خوێننه‌وه‌؟

ریبوار ئه‌حمه‌د/ به‌لی منیش پیم وایه‌ ئه‌وان ویستیان به‌ریخستنی مه‌سه‌له‌ی دادگایی كردنی صدام بكه‌ن به‌ ته‌پ‌و تۆزیك بۆ شاردنه‌وه‌ی شكستی ریفراندۆمه‌كه‌یان. به‌لام ئه‌م مانۆره‌ش هه‌تا بلیی پوچ بوو. من له‌سه‌ر وه‌زنی ته‌عبیریكی منصور حكمت به‌م نمایشه‌ ده‌لیم (دكتاتۆریكی زله‌و دادگایه‌كی پوچ). بۆیه‌ به‌ گالته‌جاركردنی دادگایی صدام‌و سه‌رانی به‌عس، له‌ جیاتی ئه‌وه‌ی ناكامیه‌كه‌یان داپۆشیٰ، خۆی دیسان به‌سه‌ریاندا ده‌شكیته‌وه‌و ئاشیان زیاتر ده‌شیوینیٰ. ئه‌مه‌ فاكته‌ریكی دیكه‌ بوو كه‌ پیش ئه‌وه‌ی ئیوه‌ مه‌تره‌حی بكه‌ن، من ده‌مویست له‌ دریژه‌ی وه‌لامی پرسیاری پیشودا باسی بكه‌م. ئیوه‌ سه‌رنجی ئه‌م دیمه‌نه‌ بده‌ن كه‌ سه‌رانی رژیمیكی خوینریژو دكتاتۆرو نه‌فره‌ت لیكراو، كاتیك رووبه‌رووی دادگای ئه‌م تاقمه‌ بوده‌لانه‌ ده‌بنه‌وه‌، خه‌ریكه‌ له‌ جیاتی رشتنی ئاره‌قی شه‌رمه‌زاری‌و دانپیدانانی تاوانه‌ وه‌حشیانه‌كانیان، ئه‌وان سواری "دادگا" ده‌بن‌و ده‌مدریژیان به‌سه‌ردا ده‌كه‌ن. به‌لگه‌ی ئه‌مه‌ش به‌ هیچ جۆریك قاره‌مانی‌و جه‌سوری صدام‌و سه‌رانی فاشیستی به‌عس نیه‌، به‌لكو ریك‌و راست بوده‌له‌یی ئه‌وانه‌یه‌ كه‌ له‌ پشتی دادگایه‌كه‌وه‌ راوه‌ستاون. ئه‌وانن كه‌ له‌ جیاتی دادگایی كردنی صدام خه‌ریكن ئه‌م خوینریژه‌ فاشیسته‌ ده‌یكه‌ن به‌ قاره‌مان.

چونكه‌ مه‌سه‌له‌كه‌ زۆر رۆشنه‌ كه‌ صدام ده‌زانی فایلی ئه‌وانه‌ی كه‌ دادگایان بۆی هه‌لخستوه‌ وه‌كو فایلی خۆی ره‌ش‌و پر له‌ تاوانه‌، ده‌زانی ئه‌گه‌ر دادگایه‌كی واقعی به‌رپابكریت‌و په‌رده‌ له‌سه‌ر هه‌موو تاوانه‌كان لاببریت‌و تاوانه‌ واقعی‌و گه‌وره‌كانی صدام‌و به‌عس باسبكریت، ئه‌وه‌ پیی هه‌موو ئه‌وانه‌ش ده‌گریته‌وه‌ كه‌ دادگایان بۆی هه‌لخستووه‌. صدام له‌ دادگایه‌كی عادلانه‌و مودیرن‌و مشروعدا كاتیك ناچارده‌بیت دان به‌ تاوانه‌كانی خۆیدا بنیت، هاوكات ده‌توانی ئه‌مریكاو به‌ریتانیاو غه‌رب‌و سه‌رانی لایه‌نه‌ قه‌ومی‌و دینیه‌كانی عیراق وه‌كو شه‌ریكه‌ تاوانی خۆی نیشانبدات. ته‌نانه‌ت بیسه‌لمینیٰ كه‌ ئه‌مریكاو غه‌رب پولی چه‌كه‌ كیمیاویه‌كانی ئه‌و و بارزانی‌و تاله‌بانیش خوینی ئه‌نفالكراوه‌كان‌و بارزانیه‌كان‌و قوربانیه‌كانی هه‌له‌بجه‌و....یان وه‌رگرتووه‌. بۆیه‌ صدام ده‌زانی كه‌ ئه‌مه‌ دادگایی نیه‌، ئه‌مه‌ نمایشه‌و ئه‌ویش ده‌توانی وه‌كو ئه‌كته‌ریك ده‌ور له‌م نمایشه‌ پوچه‌دا بگیریتا.

له‌ راستیدا ئه‌وان ناتوانن صدام‌و سه‌رانی به‌عس دادگایی بكه‌ن، مه‌گه‌ر دادگایه‌كی كارتۆنی‌و گالته‌جارانه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر ته‌نانه‌ت حوكمی ئیعدامیشی بۆ ببرنه‌وه‌، تیایدا ده‌بیته‌ قاره‌مان‌و تاوان‌و نهینیه‌ گه‌وره‌كانی به‌ شاراوه‌یی ده‌میننه‌وه‌. هه‌موو كه‌سیك ده‌بی ئه‌و پرسیاره‌ بكات كه‌ یانی چی نیو سه‌عات پیش ده‌ست پیكردنی دادگایی، صدام‌و موفق ربیعی‌و نوینه‌ری ئه‌مریكا كۆده‌بنه‌وه‌؟ كۆبونه‌وه‌ له‌گه‌ل دكتاتۆریكی تاوانبار كه‌ بۆ به‌رده‌می داداگا ببریت یانی چی؟ هه‌روه‌ها بۆچی له‌ باره‌ی ئه‌م كۆبونه‌وه‌یه‌وه‌ هیچ رۆنكردنه‌وه‌یه‌ك نادریت؟ بۆ له‌م هه‌موو تاوانه‌ ئاشكراو گه‌وره‌و بیٰ پاساوه‌دا، له‌ جه‌ریمه‌ی دژی ئینسانی (دجیل)ه‌وه‌ ده‌ست پیٰ ده‌كریت؟ ئه‌ومانه‌و ده‌یان پرسیاری دیكه‌ ده‌گه‌رینه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ووتم (دكتاتۆریكی زله‌و دگایه‌كی پوچ).

ئه‌مانه‌ سه‌ره‌كی ترین لایه‌نی نمایشی دادگایی كردنی صدامی دكتاتۆرو تاوانكاربوون كه‌ دلی جه‌ماوه‌ری خه‌لكی سته‌میده‌ی عیراقیان گوشی. هه‌زار –پروپاگه‌نده‌پیشه‌–ی وه‌كو مه‌لا به‌ختیارو موفق روبیعی تا ئیواره‌ بیانه‌ویٰ پیچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌ به‌ خه‌لك بقه‌بلینن، بایی پوشیك بایه‌خی نیه‌. به‌ بروای من ئه‌مه‌ش جیگاوریگای خۆیان‌و ده‌سه‌لاتیان له‌ ناوخه‌لكدا لاوازتر ده‌كات. چونكه‌ مه‌سه‌له‌ی دادگایی كردنی صدام‌و مه‌سه‌له‌یه‌كی ساده‌ نیه‌و خه‌لك ساده‌ تیٰ ناروانی، خه‌لكی عیراق سه‌رئه‌نجام له‌ كه‌سی قبول ناكه‌ن صدام‌و سه‌رانی چه‌قۆكیشی رژیمی فاشیستی به‌عس له‌ به‌رچاویان وه‌كو قاره‌مان ده‌ربخات، له‌ جیگایه‌كدا ده‌بی شه‌ق له‌و نمایشه‌ هه‌لده‌ن كه‌ ئه‌م ئینسان كوژانه‌ ده‌كات به‌ قاره‌مان.